# سیناریۆکانی عێراق لە قۆناغی ئینتیقالیدا

## یەکپارچەیی - لەبەریەکهەڵوەشان - دارشتنەوەی ئەقلیمی

ئامادەکردنی: فەرهاد محەمەد

لە ئەیلولی ٢٠٠٤، ئامۆژگای چاتام هاوس «chatham house» ی بەریتانیا، باسێکی گرنگی دەربارەی عێراق لە ماوەی ١٨ مانگی قۆناغی ئینتیقالی «لە ٢٠٠٤/٦/٢٨-٢٠٠٥/١/٣١» لە بەشی دیراساتی پرۆگرامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بلاوکردۆتەوە و، ئەم باسە کە دەکرێت بلێین چەند ئەگەرێکە و بۆ هەر ئەگەرێکیش پشتی بە چەندین فاکتەری جێگر و گۆرا و بەستووە.. لە ئاستێکی ئەکادیمی بەرزدا شرۆڤە کراوە.

ئەم باسە کە دەکرێت پێشی بگوترێت میکانیزمی کارکردن «work paper» باشتر بوو ئەگەر دەقەکەی بەکوردی بڵاو بکرێتەوە.. بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکە بریتی بوو لە ٢٦ لاپەرە، بۆیە وەرگێرانەکەی لە قەوارەی گۆڤاری گوڵان دەردەچوو.. ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی «گوڵان» لە بەرنامەیدا هەیە ئەم جۆرە باسانەی پەیوەندن بە قۆناغی ئینتیقالی عێراقەوە و بابەتی هەنووکەیین، بەشێوەی نامیلکەی گیرفان «poket book» چاپ بکات بەڵام وەک ئاگاداربوونێکی خوێنەرانی گۆڤارەکە بەو باسانە، هەوڵدەدەین بەیەکدوو ئەلقە ناوەرۆکی باسەکە بەکوردی پوختە بکەینەوە..

(بەشی دووەم و کۆتایی)

### دارشتنەوەی ئەقلیمی

لانی کەم بۆ ماوەی زیاتر لە یەکەیەک، پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ دراوسێکانی نیمچە گۆشەگیر بووە. چەند یەکەیەکیش لەژێر دەستی رژێمێکی سەرکوتکار دابووە. هەربۆیە دوای ئەوەی لەو دەسەڵاتە سەرکوتکارییە و لەو گۆشەگیرییە هاتە دەرەوە، ئێستا گروپ و کەسایەتییە سیاسییەکان لە توانایاندا هەیە سیاسەت و پەیوەندییە ئقلیمییەکان گەشەپێدەن و بجووڵێنن.

لەم بوارەشدا بزاڤە ناوخۆییەکان و دەسەڵاتی ئەندامانی هەر سێ گروپی سەرەکی کورد و سونە و شیعە، دەتوانن ببنە کەناڵێکی پەیوەندی ئەقلیمی و هەریەکەشیان دەتوانن ببنە هۆکارێک بۆ دەستێوەردانی ئەقلیمی. بۆ نموونە:-

* نەتەوەی کورد لە عێراقدا بوونەتە نموونەی رێبەرایەتی بۆ کورد لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.
* ناوەند یاخود مەرجەعی شیعە لە هەموو جیهاندا شاری نەجەفە لە عێراقدا.
* سونەی دەرەوەی عێراق بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ تەیارە ئیسلامییە توندرۆکانی سونەی عێراقدا هەیە.
* تورکیا بەهۆی تورکمانەوە لینکێکی لە عێراقدا هەیە یان لانی کەم هەوڵدەدات بە بیانووی پاراستنی تورکمانەوە لینکێک دروست بکات.

### کراوەیی سنوور

لە ماوەی ساڵی رابردوودا، پاراستنی سنوورەکان تەنانەت بە هاریکاری دەوڵەتانی هاوسێ کارێکی ئاسان نەبوو، ئەمەش لەبەرئەوەی کۆمەڵێک لە خێڵە عەرەبەکانی باشووری عێراق بەدرێژایی سنووری سوریا و سعودیە بلاوبوونەتەوە، زۆربەشیان خۆیان بەشێک لە سونە و شیعەی عێراق دەزانن.

دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، شیعەی عێراق ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا بەشێوەیەکی ئاسایی رێورەسمی بۆنە


CHATHAM HOUSE

MIDDLE EAST PROGRAMME BP 04/02

SEPTEMBER 2004

IRAQ IN TRANSITION: VORTEX OR CATALYST?



**Scenarios for Iraq**

There are three possible scenarios for Iraq in the 18-month transitional period which began with the handover of power on 28 June 2004. If the Iraqi Interim Government (IIG) or its successors fail to assert control over the country and/or its members quarrel with each other and the US, the country could progressively fall apart, or **fragment**. Alternatively, Iraq could **hold together** under the auspices of the transitional government, provided this has real power, a national security force begins to take shape, and the US presence is supportive but not overbearing. In addition, transnational or regional dynamics could overtake Iraq, such that it becomes simply the epicentre of a broader reconfiguring of Sunni/Shi'a, Arab/Iranian and Kurdish geopolitics – a **'regional remake'**.

**Implications for the region**

Iraq's neighbours are keenly following developments in the transitional period with a mixture of anxiety, anger and a sense of opportunity. The stakes are high because many of the dynamics unfolding in Iraq have great relevance across its weak borders in states also struggling with issues of identity, ethnicity, confessionalism, militancy and governmental legitimacy. Furthermore, the success or failure of the US project in Iraq will also have severe repercussions for those countries' critical and often difficult relations with the United States. The scenarios for Iraq have different implications for its neighbours, but none, save for certain elements in Iran and Israel, have any interest in Iraq fragmenting. Only Israel would be happy with an unqualified US success in Iraq; the other neighbours considered here would prefer to see a situation develop in which Iraq was largely stable but the US was still sufficiently bogged down to prevent it turning its attention elsewhere and to force it to accept the need for regional assistance.

**Scenarios**

1. Fragmentation — 2
2. Holding Together — 5
3. Regional Remake — 7

**The scenarios in brief** — (Box 4 - 9)

**Repercussions beyond Iraq**

- Militant Islamism — 10
- Iran — 12
- Saudi Arabia — 14
- Jordan — 16
- Syria — 18
- Israel — 20
- Turkey — 22

ئایینییەکانیان پیادە بکەن و لە هەموو دەوڵەتانی دراوسێشەوە شیعەکان بۆ بەشداری ئەو رێورەسمانە هاتنە عێراق، ئەمە بێجگە لەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانیش بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستی بە ئاڵوویر لەگەڵ هاوسێکانی عێراق هەیە.

بەمجۆرە دەستە ئەقلیمییەکان توانیان خۆیان تێکەڵاوی کاروباری عێراق بکەن، بێگومان کاریگەرییەکی سلبییان لەسەر گواستنەوە لە

قۆناغی ئینتقالیدا هەیە.
ئەوەی زیاتریش گرفتەکەی قورستر کردووە ئەوەیە، دەوڵەتانی هاوسێی عێراق پلانی ئەمەریکا و حکومەتی کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە وەک دوژمنداری سەیر دەکەن.
بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو دەستە ئەقلیمییانە لە سەرەتاوە دەیانویست مەسەلەکە لە بەرژەوەندی شیعە رێکبخەنەوە، بەڵام دواتر پشتگیری یاخیبوونی سونەیان کرد و ئیسلامییە توندرۆکانیان رەوانەی عێراق کرد، ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی هەموو بیروبۆچوونە توندڕەوە ئوسوڵییەکان بنێرنە عێراقەوە.. ئەم دەستێوەردانەش بووە هۆی ئەوەی باری قۆناغی گواستنەوە بەشێوەیەک ئاڵۆز بکات کە نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.

### شیعە و کورد و سونە و کاریگەری ئەقلیمی

ئەم سێ گروپە سەرەکییە هەریەکەیان بەجۆرێک کاریگەری ئەقلیمی هەیە بەمجۆرە:
١- شیعە
سیاسەتی ئەقلیمی شیعە ئاشکرایە و بەرەو پێشچوونی ئەم سیاسەتەشی هەندێک جار بە خراپترین سیناریۆ بۆ ئیدارەی بوش دادەنرێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە ئیدارەی بوش بەردەوام پێی وابووە، شیعەی عێراق لەژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێراندایە و ئەوانیش کۆمارێکی ئیسلامی بەهاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نەجەف دادەمەزرێنن و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام پەیوەندی نێوان شیعەی عێراق و ئێران دیارە و ئەمەریکاش لەم بوارەدا رێگەیەکی هەڵەی گرتەبەر.
ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی یەکێکە لە مەرجەعە دیارەکانی شیعە و ئەگەر لەگەڵ هەریەک لە ئایەتوڵڵاکانی ئێستای ئێراندا بەراورد بکرێت، سیستانی لەهەموویان دیارترە، ئەمە بێجگە لەوەی لە کاتێکدا هەردوو شاری پیرۆزی نەجەف و کەربەلا بۆ حەجکردن بۆ شیعەی جیهان بکرێتەوە، ئەوا ئێران لەم حاڵەتە دەکەوێتە مەترسی ئەوەی کە بەبێ شوێنێکی پیرۆز دەمێنێتەوە.
لەم حاڵەتەشدا شیعەی عێراق دەبێتە مەڵبەندی سەرەکی شیعەی هەموو جیهان بە پێچەوانەی ئەو سیناریۆ ئەمەریکییانەی بۆ ئەم بارودۆخە رێکخرابوون.
هەروەها لەسەر ئاستی سنوورەکانی باشووری عێراقیش بەتایبەتی بۆ شیعەی کوێت بەحرێن و سعودیەش لەبەرئەوەی شیعەی عێراق عەرەبن کاریگەرییەکی گەورەیان دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە سیستەمی حوکمی ئێرانیش مەترسی ئەوەی هەیە نەجەف وەک مەڵبەندێک و مەرجەعێک بۆ شیعەی هەموو جیهان بگاتە ئەو ئاستەی بایەخی تاران نەهێڵێت، هەر بۆیەشە نەبوونەتە هاوپەیمانێکی ئۆتۆماتیکی سیستانی.. بێگومان شیعەی عێراق کاریگەریان لەسەر شیعەکانی لوبنان و حەسەن فەزلولڵاش دەبێت.
٢- کورد
بۆ کوردەکان.. ئەمە یەکەمین جارە لە دوای پەیمانی شیعەوەوە بەشێوەیەکی جدی هەست بە بیری نەتەوەیی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەکەن.
نموونەی کوردی عێراق بۆ کوردی تورکیا و سوریا و ئێران، هێزێک و بەرپرسیاریەتییەکە بۆ بوژاندنەوەی بیری نەتەوەیی کورد لە سەرانسەری ناوچەکەدا.
هەر چوار پارچەی کورد لەم خاڵانەدا هاوبەشن:-
١- زمانی کوردی هەر چوار پارچە پێکەوە گرێدەداتەوە.
٢- لەهەر چوار پارچەکە هاوولاتییانی کورد، تاڵاوی رەگەزپەرستییان بەهاوشێوەی یەک چەشتووە.
٣- هەر چوار پارچەی کورد لە کوردستانی گەورەدا پێکەوە گرێدراوە و هیچ سنوورێک لێکیان جیاناکاتەوە.

### سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان و کاریگەری لەسەر بیری نەتەوەی کورد لەهەر چوار پارچەکەدا

فاکتەرێکی دیکەی کاریگەری کورد لەسەر ئاستی ئەقلیمی سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە دیموکراتییەیە کە لە دوای ساڵی ١٩٩١-ەوە لە کوردستانی عێراقدا دامەزراوە.
کوردستانی عێراق بۆ کوردستانی گەورە، وەک دڵی کوردستان وایە، لەبەرئەوەی ئەم پارچەیە سنووری لەگەڵ هەر سێ پارچەی دیکەدا هەیە- هەر بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لە کوردستانی عێراقدا رووبدات کاریگەری لەسەر کوردی هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان دەبێت بەم شێوەیە:-
١- کوردەکانی ئێران پەیوەندیەکی نزیکی بازرگانیان لەگەڵ کوردەکانی عێراق هەیە، هەروەها شێوەی زاریان لەگەڵ باشووری رۆژئاوای کوردستانی عێراق هاوبەشە.
٢- کوردەکانی تورکیا مێژوویەکی درێژیی رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ حکومەتدا هەیە، هەر کاتێک حکومەتی تورکیا گوشار بخاتە سەر کوردستانی عێراق، نێوانی سوپای تورکیا و لایەنە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا بەرەو ئاڵۆزی دەچێت.
٣- کوردەکانی سوریا رووبەڕووی کاتێکی نەگونجاو بوونەتەوە، لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ لە ناوچەی جەزیرەی نزیک سنوری عێراق شەڕوپێکدادان روویدا و بەهەزار کورد دەستگیرکران و هەندێک لە پارتە کوردییەکانی سوریا پێیان وایە رێگە نەدرێت کاری سیاسیی بکەن.
ئەم کاریگەرییە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە شەقامی سیاسی کوردستانی عێراق باس لە سەربەخۆی دەکەن نەک خۆ بەڕێوەبردن، بێگومان ئەمەش زۆر بە ئاسانی هەستی کوردی پارچەکانی دیکەش دەجوولێنێ و سەرەنجامیش کورد دەخوازێت نیشتمانێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت.
٣- سوننە
عەرەبی سوننەی عێراق بە بەڵگە خۆیان بە پێشڕەوی قەومییەتی عەرەبی دەزانن، بیروبۆچوونی سوننەی عێراق بۆ قەومییەتی عەرەبی بەشێوازیی رۆژئاوایی و سۆشیالیستی هەوڵی بونیادی پان عەرەبیزمە کە بە ئایین سوننە و بە سیستەم عیلمانی بن، ئەم بیرکردنەوەیەی عەرەبی سوننەی عێراق نەیتوانیووە سوننەی غەیرە عەرەب وەک کورد و تورکمان لەگەڵ سوننەی عەرەبدا لەژێر یەک رەشماڵدا کۆبکاتەوە.
بەهەرحاڵ لەوانەیە بتوانرێت سیناریۆی داڕشتنەوەی ئەقلیمی تێپەڕێنرێت، بەڵام دوو سیناریۆیەکەی دیکە هەوڵدان بۆ یەکپارچەیی عێراق، لە دەست دەرچوون هەڵوەشانەوەی عێراق دوو ئەگەرن لە واقیعی عێراقدا.
بەڵام ئەگەر سیناریۆی یەکپارچەیی عێراق ئاکامەکەی ئەوەبێت هەژموونی زۆرایەتی بەسەر دیموکراتییەدا بسەپێنن و، کوردیش مافی خۆبەڕێوەبردنی هەبێت، ئەوا هەریەک لە شیعە و کورد هاندەدرێن کە




ئەو ئەزموونە لەبەریەکهەڵبوەشێتەوە خۆ ئەگەر یەکپارچەیی عێراقیش تەنیا بە ڕێگەی پاراستنی ناوچەیی و میلیشیاوە پارێزگاری بکرێت و هەر ناوچەیەکی عێراق بەشێوەیەک پارێزگاری پێوە بکرێت، ئەوا ئەم یەکپارچەییە دەبێتە هاندەرێک بۆ دەستێوەردانی ئەقلیمی بەڵام ئەگەر عێراق لەبەریەک هەڵوەشا، ئەوا دەوڵەتانی دراوسێ ناتوانن دەست وەربدەن، بەڵام بارودۆخەکەش ئاڵۆز دەکەن و لەهەر ڕووداوێکدا جەخت دەکەنەوە سەر ئەو سیستەمەی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ پێی دامەزراوە، ئەمە لە کاتێکدا هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق بەو ئامانجەیە کە گۆڕانکاری لە سەرانسەری هەرێمەکەدا بێنێتە ئاراوە، ئاشکراشە هیچ کام لە دەوڵەتانی ناوچەکەش ناخوازن لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵبگرن.

## کاریگەری هەریەک لەم سیناریۆیانە لەسەر دەوڵەتانی ئەقلیمی و گروپە ئیسلامییەکان

ئەم سێ سیناریۆیە «یەکپارچەیی- لەبەریەکهەڵوەشانەوە- دارشتنەوەی ئەقلیمی» کاریگەری دەوڵەتانی ئەقلیمی و گروپە ئیسلامییەکان دەبێت کە بریتین لە:-

**١- گروپە ئیسلامییەکان**

لە عێراقدا ژمارەیەکی زۆر گروپی ئیسلامی هەیە، بۆیە پێویستە ناسنامەیان ئاشکرا بکرێت و ڕۆڵی هەریەکەیان هەڵبسەنگێنرێت.
پێش دەسپێکی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە لە نێوان ڕژێمی سەدام و تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە پەیوەندی هەیە، هەر بۆیە بەپێی ئەم بەڵگەیە کەواتە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بەشێکە لە شەڕی دژە تیرۆر.

* لەگەڵ ئەوەی ئەم پەیوەندییەی ئەمەریکا ئیدعای دەکات تا ئێستا بە بەڵگە نەسەلمێنراوە، بەڵام تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بۆتە بەشێکی گرنگی تەنگژەی عێراق، هەر بۆ نموونە ئەبو موسعەبی زەرقاوی کە شانەیەکی تۆڕی تیرۆریستی قاعیدەیە، خۆی ئاشکرای کردووە کە ڕێکخەری چەندین کاری تیرۆریستی بووە نەک هەر دژ بەهێزەکانی ئەمەریکا، بەڵکو دژ بە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی عێراقیش لە هەموو تەنگژەکانی وڵاتانی جیهانی ئیسلامیشدا، دەبێت تۆڕی قاعیدە بەتەنیا ڕۆڵ ناگێڕێت بەڵکو هەوڵدەدات لە ڕێگەی گروپ و ڕێکخراوی دیکە کە دەبنەوە بەشێک لە قاعیدە.

تۆڕە تیرۆریستەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی خۆیان بە موجاهید ناودەبەن، بریتین لەو خەڵکە بیانیانەی لەو دیو سنوورەوە هاتوون بۆ شەڕی پیرۆز دژ بەهێزی هاوپەیمانان، ئەو خەڵکانەشی نێردراون هەموویان پەیوەندییەکی پتەویان بە تۆڕی تیرۆریستی قاعیدەوە هەیە، پێشتریش لە تەنگژەکانی دیکەی وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەمانە بە دیارکەوتوون وەک ئەفغانستان، بۆسنیا و چیچان بوونیان هەبووە.

* جەمعیەی سەلەفی موجاهیدین، ئەمەش ڕێکخراوێکی تازەی ئیسلامی سونەی عێراقە و گروپێکی ئوسوڵی ڕادیکالیە و لە زۆر ڕووەوە لە ئەلقاعیدە نزیکە، ئەم گروپە سەلەفیانە لە هەموو جیهانی ئیسلامدا هەن، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی لە سعودیەدا بەهێزن و دەخوازن مەزهەبی وەهابی بکەنە بنەما بۆ ئاینی ئیسلام.

*** ئیخوان موسلمین**

ئەم گروپە بڵاوترین گروپی ئیسلامییە لە جیهانی ئیسلامیدا. لە عێراقدا هاوشێوەی ئەم گروپە سوپای کەتائیبی فاروقە و حزبی دەعوەیە کە هەوڵدەدەن سیستەمی ئایندەی عێراق سیستەمێکی ئیسلامی بێت.

*** ئەنساری ئیسلام**

ئەمە گروپێکی ئیسلامی کوردیی بچووکە و پێش ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق لە کامپێکدا کە لە کوردستانی عێراق دروستیان کردبوو مەشقیان دەکرد و هەر لەوێش کاری تیرۆریستیان ئەنجامدەدا. وەک گروپی قاعیدەی باکووری عێراق ناودەبران، بەڵام لەکاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا زۆر بە توندی لەلایەن ئەمەریکاوە لێدران دواتر چوونە ناو گروپەکانی دیکە.

*** موقتەدا سەدر و میلیشیای مەهدی**

گروپی موقتەدا پردی بەیەک گەیشتنی دوو ئاراستەی سەرەکی عێراقە، لەلایەک واقعێکی بنەڕەتی عێراقە لەلایەکی دیکە پەنای بردە بەر توندوتیژی وەک گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان.
ئەم گروپە ئیسلامیانە کە چەندی دیکەش هەن پەیوەستن بە ئەگەری هاتنە ئارای هەر سیناریۆیەک و لەسەرکەوتنی هەر سیناریۆیەکدا، ئەم گروپانەش کاریگەری جیاوازیان لەسەر دەبێت.

**٢- ئێران**

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی ڕیفۆرمیستەکان لەگەڵ ئەوەدان بارودۆخی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام موحافیزکارەکان بۆچوونێکی دیکەیان هەیە و پێیان وایە ناسەقامگیری عێراق سوودی بۆ ئێران هەیە.
حکومەتی محەمەد خاتەمی هەر لە دەسپێکی شەڕی ئەفغانستانەوە دەستی کردووە بە سیاسەتی پراگماتیانە بەرامبەر ئەمەریکا، ئەم

سیاسەتەش لەگەڵێک رووە وایکردووە ئێران لە مەترسی هێرشی ئەمەریکا دووربخاتەوە، بەتایبەتی لەکاتی شەڕی ئەفغانستاندا پشتگیری رژێمی تاڵیبانی نەکرد، هەروەها لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، گەلێک لە چاودێران پێیان وابوو کە دۆسیەی چەکی نیوکلیاری ئێران دەبێتە بیانوویەک بۆ لێدانی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە، بەڵام بە نزیک بوونەوەی ئێران لە یەکێتی ئەورووپا، کەوتە پێگەیەکی ئەوتۆ کە ئەمەریکا بە ئاسانی نەتوانێت گورزی لێبوەشێنێت.

سەبارەت بە کاریگەری هەر سێ سیناریۆکەش لەسەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.. بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی جۆراوجۆر تێڕوانینیان هەیە:-

١- ئێرانییەکان ناخوازن سیستەمێکی دیکتاتۆری سەربازی بەهاوشێوەی رژێمی سەدام حوسێن لە عێراقدا بێتەوە سەرکار.

٢- هەروەها نایانەوێت سیستەمی داهاتووی عێراق، دومیەیەک بێت بەدەستی ئەمەریکاوە.

٣- ئێرانییەکان دەخوازن عێراق سەقامگیر بێت، بەڵام سیستەمی حوکمڕانییەکەی لاواز بێت.

٤- دەخوازن عێراق ببێتە بازاڕێک و لەسەر ئاستی ئابووری سوودی لێوەربگرن.

٥- هەندێک لە سیاسەتمەداران ترسی ئەوەیان هەیە سەقامگیری ببێتە فاکتەرێک و عێراق والێبکات ببێتە موگناتیس بۆ راکێشانی سەرمایەگوزاری و ئێرانییەکانی لێ بێبەش بن.

لەسەر ئاستی سیاسیش بۆچوونی جیاواز هەیە:-

٦- هەرچی ریفۆرمیستەکانە نایانەوێت سیستەمی ئایندەی عێراق بەهاوشێوەی ئێران، کۆمارێکی ئیسلامی بێت و، پێیان وایە عێراقێکی دیموکراتی بۆ ئێران باشترە.

**٣- عەرەبستانی سعودی**

شانشینی عەرەبستانی سعودی کاریگەری وەک هەریەک لە تورکیا و سوریا و ئێران نییە لەسەر ئایندەی عێراق، بەڵام دیسان سعودیەش تێڕوانینی خۆی هەیە و هەریەک لەو سیناریۆیانە کاریگەری لەسەر ئەو دەوڵەتە هەیە بەمجۆرە:-

- کاریگەری سەقامگیری عێراق

تێڕوانینی عەرەبستانی سعودی بۆ ئایندەی عێراق لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و بازاڕی نەوتی جیهانییەوەیە، هەر بۆیە عەرەبستانی سعودی بەو جۆرە سەیری سەقامگیری و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە عێراقدا دەکات، کە لەسەر هەر سێ ئاستی بزاڤی ریفۆرم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن و بازاڕی نەوتی جیهانی زەرەرمەند دەبێت، رەنگدانەوەی ئەم سیاسەتەش لە رەفتارەکانی سعودیە بۆ پاڵپشتی تیرۆریستانی سێ گۆشەی سونە روون و ئاشکرایە.

**٤- ئەردەن**

ئەردەن کە بەرژەوەندیەکی گەورەی لە بازرگانیکردن لەگەڵ عێراقدا هەیە، دەخوازێت عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە و حکومەتی ئایندەش حکومەتیکی فرەیی و سەنترالیزم و عەلمانی بێت و پیاوێکی بەهێز بەڕێوەی ببات.

ئەردەن حاڵی حازر لە نێوان تەنگژەی عێراق و تەنگژەی فەلەستین و ئیسرائیل، خۆی وادەبینێت کە کەوتبێتە نێوان دوو بەرداشەوە و زۆر لەوە دەترسێت، تەنگژەی ئەم دوو بەرداشە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بهاڕێت، بەتایبەتی لە ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەنێوان سونە و شیعەی عێراقدا، ئەم سیناریۆیە وەک ژەهرێک بۆ لەناوبردنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا سەیر دەکات.

**٥- سوریا**

سوریا کە بەیەکێک لە دەوڵەتە نەیارەکانی عێراق ناسراوە و، لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا، هەڵوێستی دژی رژێمی پێشووی عێراق بووە، بەڵام بەهۆی هەڵوێستی ئەمەریکاوە بەرامبەر سوریا و، دانانی سوریا لە دەوڵەتانی تەوەری شەڕ، هەڵوێستی سوریا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. هەڵوێستی سوریا لەگەڵ یەکپارچەیی عێراقە و ترسی هەیە عێراق لەبەریەک هەڵبوەشێت، ترسی سوریا لە هەڵەشانەوەی عێراق بەمجۆرەیە:-

١- سوریا لەوە دەترسێت عێراق ببێتە چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ و، یەکێک لەو دەوڵەتانە، دەوڵەتی کوردستان بێت و، دروست بوونی ئەم دەوڵەتەش ببێتە هۆی دەستێوەردانی سەربازی تورکیا و، ئەو بەرژەوەندییەی لە بۆرییە نەوتەکانی کەرکوک- بانیاسدا هەیەتی لە دەستی بچێت.

٢- حکومەتی سوریا کە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە سیاسەتێک بەرامبەر کوردی سوریا پیادە دەکات، کە بوونی نەتەوەییان ناسەلمێنێت و ناهێڵێت بەزمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، ترسی ئەوەی هەیە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، چیدیکە کوردی سوریاش ئەو زوڵم و زۆرە قبوڵ نەکەن و داوای مافەکانی خۆیان و جۆرێک لە مافی خۆبەڕێوەبردن بکەن، هەر بۆیە حکومەتی سوریا، زۆر بە گەرمی پشتگیری سیناریۆی یەکپارچەیی عێراق و بوونی حکومەتێکی سەنترالیزمی بەهێز دەکات.

**٦- تورکیا**

لەنێو سەرجەم دراوسێکانی عێراقدا، تەنیا تورکیا ئەندامی پەیمانی باکووری ئەتڵەسییە و هەوڵدەدات ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا، تورکیا لە ترسی مەترسییەکانی دوای رووخانی رژێمی عێراق، لە ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا بەشداری نەکرد، ئێستاش ئەولەویاتی سیاسەتییان بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە، زۆر مەترسی لەبەریەک هەڵوەشان و دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانیان هەیە، هەر ئەم ترسەش وایلێکردوون حاڵی حازر بە سیستەمێکی فیدرالی بۆ عێراقی ئایندە رازی بن و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، کە تەنیا سیستەمێکی فیدرالی دەتوانێت یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت، بۆ ئەمەش دەخوازن حکومەتی ئایندەی عێراق حکومەتێکی عەلمانی و سەقامگیر بێت.

**٧- ئیسرائیل**

ئیسرائیل لەگەڵ ئەوەی راستەوخۆ سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا هاوسێ نییە، بەڵام بەو جۆرە سەیری رووخانی رژێمی عێراق دەکات:-

١- مەترسییەکانی سەر ئیسرائیلی کەمکردەوە.

٢- مەترسی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ، کە عێراق سەرچاوەیەکی پڕ مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەو چەکانە بوو، بە رووخانی رژێم ئەو مەترسییە کەمبووەوە.

- لەسەر ئاستی تێڕوانینیش وەک هاوپەیمانێکی ئەمەریکا، سەرکەوتنی ئەمەریکا لە پرۆسەی عێراقدا، بە پێویستییەک دەزانێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری دیموکراتییانە بۆ سەرتاسەری ناوچەکە هەبێت.■